www.kurdistannet.org
31-10-2005 15:35بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## باشترین جێگا بۆ یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەی هەرێمی کوردستان شاری بەغدایە ... عبدارحمن باوەگوڕگوڕی

لە کەس شاراوە نیە سەرکردایەتی کوردستانی لە سەرەتای ساڵی 1998 ەوە لە کۆبوونەوەی بەردەوام دان بۆ یە کگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پیش 7 ساڵ وەکو ئێستا لە ناوەندی مانگی ئەیلول لە واشنتۆنی پایتەختی ئەمریکا و لە سەر دەستی خاتوو (مارلین ئۆلبرایت) وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی ئەمریکا رێکەوتن نامەی واشنتۆن مۆر کرا کە دەبوایە هەردوو ئیدارە تا کۆتایی1998 یەکیان بگرتایەتەوە کەچی تا دەگاتە ئەمرۆ ئاکامەکەی هەر سفر هیچ بە دەست بووە، گەلێك لە رۆڵە دڵسۆزەکانی گەلە کەشمان بەو ئاواتەوە سەریان نایەوە. هەڵبەتە هەرلایەنە لە ئاستی سەرکردایەتی ئەوی دی بە هۆکاری یەك نەگرتنەوە تاوانبار دەکات تا دەگاتە ئاستی دەروێشەکان لە خوارەوە و جەماوەرە بیلایەنەکەش رای تایبەتی خۆیان هەیە و هەردوولا بە کەم تەرخەم دەزانن و دیارە تای تەرازووەکەی لای ئەوانیش هەر لاسەنگە، بەندەش وەکو بەشێك لەو خەڵکە هەمان بۆچوونی هەیە سەرباری هۆیەکی تر کە بەندە پێی وایە هۆی یەك نەگرتنەوەی ماڵی کورد خەتای خاکی کوردستانە کە کۆبوونەوەی یەك ریزی و یەککگرتنەوەی ئیدارەی کوردستانی لی بەرهەم نایەت، بۆ ئەم مەبەستەش بە پیت ترین خاك زەوی یەکەی بەغدایە، چو نکە هەر وەکو خۆیان باس دەکەن لە بەغدا ئەوەندە تەباو رێك وپێك و یەك هەڵوێستن کورد ووتەنی (موو بە بەینیانەوە ناچێت) کەدێنەوە ئەم دیوو حەمرین بە گوریسیش پێکەوە بەندنابن وە راستی ئەو بۆچوونەش لە نووسینەوەی دەستور بریقەی دێت. لە بەر ئەوە پێشنیار دەکەم کە کۆبوونەوەکانی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە لە بەغدا بکرێت و حکومەتێکی یەکگرتووی هەرێمی کوردستانی لیبکەوێتەوە، ئەم کارەش هیچ شەرمی تیا نابینم بەڵکو وەکو کوردستانیەك شەرمەزار و زمان کورتم بەرامبەر بە دۆست و ناحەزان کاتێك باسی دوو ئیدارەیی حکومەتی هەرێم دەکرێت. یاخوو باس لە چارەنووسی کەرکوك دەکرێت کە دەبوایە بخرابایە سەر هەرێمی کوردستان، وەکو بۆی دەچم سەرکردایەتی کوردستان بازیان بە سەر ئەو خاڵەدا داوە و یەکسەر بە ماددەی 58 پەیوەستیان کردووە، چونکە ئەگەر داوای کەرکوك بکرایە کە راستەوخۆ پاش پەسند کردنی دەستور بخرایەتەوە سەر هەرێمی کوردستان و گریمان برایانی عەرەبیش رازی بوونایە دیارە زەویەکەی بەغداش وەکو کوردستانی لیدەهات و ئافاتێك درووست دەبوو لە سەر ئەوەی بخرێتە سەر کام ئیدارە هەڵبەتە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیەش راپرسییەکی ئاوات بۆ نەخوازراوی هەیە.

عبدارحمن باوەگوڕگوڕی (بەندە)
abbabagurgury@yahoo. com